# دیموكراسی لە كێڵگەی خێڵەكاندا

**سەلام مارف**

كێڵگەی خێڵەكان دەستەواژەیەكە كە فالح عەبدولجەبار لە وتارێك بەناوی "دەوڵەتو خێڵ" بۆ ئاماژەدان بە دۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتی عێراقی كۆتاییەكانی سەدەی بیستەمو سەرەتای سەدەی بیستو یەك بەكاری دێنێت. فالح لەو وتارەدا سەبارەت بە بەجێگاوشوێنی كۆمەڵایەتی خێڵەكان لە عێراقدا ئاماژە بە دوو خاڵی زۆر گرنگ دەداتو بەدوو دەستەواژە دەیانناسێنێت، ئەوانیش دەستەواژەكانی "گۆڕستانی خێڵەكان"و "كێڵگەی خێڵەكان"ە.

دەستەواژەی "گۆڕستانی خێڵەكان" بۆ عێراقی سەدەی نۆزدەو عێراقی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەكان بەكاردێنێت. لەو سەردەمەدا ئەو خێڵانەی لە دەرەوە دەهاتنە ناو عێراق، سەرباری ئەوەی كە خێڵی بەهێز بوون، لەناو عێراقدا بەرەورووی سیستەمێكی سیاسیو دەسەڵاتێكی ناوەندی وەها بەهێز دەبوونەوە كە ڕەدكردنەوەیان لەلایەن خێڵەكانەوە مومكین نەبوو، هەروەها لەهەمان كاتدا بوونی شارە گەورەكانیش وایدەكرد كە خێڵەكان لەناو كۆمەڵگای عێراقدا وەك خێڵێكی بەهێز نەمێننەوەو بتوێنەوەو پەیوەندییە خێڵەكییەكانی خۆیان لەدەست بدەن. دووبارە بوونەوەی ئەم دیاردە كۆمەڵایەتییە لای فالح بە گۆڕستانی خێڵەكان ئاماژەی بۆ كراوە. لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە عێراق شوێنگەیەك بووە خێڵەكانی تێدا لەناوچوون. واتا بوونی خێڵەكان بەهەمان هێزو پێگەی كۆمەڵایەتی پێشویان نەمایەوە. خێڵ بووە دیاردەیەكی لاوەكیتر.

بەڵام دەستەواژەی دووەم "كێڵگەی خێڵەكان" بۆ عێراقی كۆتایی سەدەی بیستەم، عێراقی سەردەمی دەسەڵاتی بەعسییەكانو سەدام، بەكارهاتووە. ئەو دەستەواژەیە دیاردەیەكی سیاسیو كۆمەڵایەتی پێناسە دەكات كە بریتی بووە لە دەركەوتنی سەرلەنوێی دەسەڵاتی خێڵەكان لە عێراقدا، خێڵەكان جارێكی تر سەروسیما پەیدا دەكەنەوەو پێكهاتی خێڵەكان سازو ئامادە دەكرێنەوەو خێڵ وەك گروپێكی كۆمەڵایەتی كاراو دیارو خاوەن بڕیار شوێنگەیەكی تر لە عێراقی كۆتایی سەدەدا دەست دەكەوێت. دەسەڵاتی خێڵەكان لەم قۆناغەدا بە جۆرێك بووە كە لە زۆر شوێندا دەسەڵاتی یاساییو قەزایش لە خۆ دەگرن، وەك چارەسەركردنی كێشەكانو پاراستنی ئاسایشی چواردەوریانو حەلكردنی ئەو كێشانەی كەبەهۆی دەستدرێژییەكانە سەر یەك دروست بووەو لە هەندێك شوێنیشدا هەڵدەستان بەكۆكردنەوەی باجەكان. خێڵەكان وەك جۆرێك حكومەت بوون لەناو حكومەتدا.

لەمەی دووەمیاندا، واتە لەو كێڵگەیەی كە خێڵەكانی تێدا دەروێندرێتەوە، پێناسەی خێڵو بەدەستهێنانی ئەو شوناسە دەبێتە یەكێك لە مەبەستە گرنگییەكانی هاوڵاتیان. لێرەدا باشترین هاوڵاتی بەختیار ئەوەیە كە شەجەرەكەی بگەڕێتەوە  سەر یەكێك لە خێڵو شێخە گەورە ئەسیلەكانی عێراق.

ئەگەر ئەمڕۆ بەهەمان چاوی سۆسیۆلۆژیانەوە دابەشكردنەوەی دەسەڵاتو پێگە كۆمەڵایەتییەكان لە عێراقی دوای سەدام بدەینە بەر سەرنج دەبینین كە هەمان ڕەوتی درێژەدان بە بەخشینی پێگەی زیاتر بە خێڵەكان درێژەی هەیە، ئەوانیش ئەركێك جێبەجێ دەكەن كە لەئێستادا لە توانای حكومەتدا نییە.

كاتێك كۆشكی سپیو بەدیاریكراویش بۆش سیاسەتی (Surge)  بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاعیدە لەعێراقدا جێبەجێ دەكەن، بەشێوەیەكی سەرەكی پشت بە خێڵەكان دەبەستێت، كە شێخو سەرۆك خێڵەكان وەك هاوكارێكی سوپای ئەمریكی لەم سیاسەتەدا ڕۆڵو پشكی سەرەكییان پێ دەسپێردرێت. ئەمە لە كاتێكدا كە ئەمریكا نائومێد بووە لەوەی كە حكومەتی ناوەندی عێراقی بتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێتو لەم لایەنەوە بە بێ هێزی دەزانێت.

بەڵام ئەوەی بەلگەنەویستە بەشداریكردنی هەر گروپێكی كۆمەڵایەتی لە كارێكی سیاسیو یان كارێكی كۆمەڵایەتی وەها كە كاریگەرییەكەی لەسنوری دەسەڵاتی گروپەكە خۆی تێپەڕبێتو، ئەگەر ئەو گروپە سەركەوتن بەدەست بهێنێت، جێگاوشوێنی گروپەكە دەباتە سەرەو ئیعتبارێكی سیاسیو كۆمەڵایەتی نوێ بەدەست دێنێت. ئەم سەركەوتنەش نوێبوونەوەیەك لە گروپەكەدا دروست دەكاتو بۆچوونو ئەو چاوەڕوانییانەی كە لەخۆی هەیەتی زیاتر دەبێت. زۆرجاریش دروستبوونی ئەم چاوەڕوانیو بەخۆنازینە كە شوێنگە كۆمەڵایەتییە نوێیەكە پێی بەخشیوە لە كۆویژدانی گروپەكەدا هەستێكی وەها بەرزەفڕانە دروست دەكات كە دەستدرێژیكردنە سەریان لەلایەن هەر گروپێكی تری دەرەكی بەجۆرێك لەئیهانەی گەورە دادەنرێتو وەڵام دەدرێتەوە، یەكێكیش لەو ئیهانانە ئەوەیە ئەو گروپە لە

دەستکەوتە نوێیەکان هاوبەش نەکرێت.

خێڵەکانی ئێستای عێراق لەم دۆخەدان، پڕ هێز دەکرێن تا لە هێزەکانی قاعیدەو ئەو گروپانە بدەن کە دەستدرێژی بەردەوام دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکاو سەر دامو دەزگاکانی حکومەت. کاتێك ئەم هێزانەیش لەو کارەدا سەرکەوتوو دەبن لێپرسراوێتی پاراستنی ناوچەکانیان پێدەسپێردێت، سیستەمی هاتوچۆ کۆنترۆڵ دەکەن، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتیان بەسەریاندا دەشکێت، ئەم کارەیش خێڵەکان پڕ چەكو دەوڵەمەند دەکات. سەرۆکی خێڵو شێخەکان ئیعتبارێکی وەها بەدەست دەهێنن کە هیچی لە ئیعتیباری حکومەت کەمتر نەبێت. کەواتە ئەم خێڵانە تەنیا وەك دەرپەڕێنەرو پاراستنی ناوچەیەك لە دەسەڵاتی تیرۆریستان نامێننەوە، ئەم هەنگاوە جیا لەوەی خێڵەکان بەهێزتر دەکات، لەهەمان کاتیشدا ململانێی نێوان خێڵەکانیش بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی ناو خێڵەکان سەرهەڵئەدات، ئەو شتەی کە لە فەرهەنگی خێڵدا یەکسانە بە شەرەفو کەرامەت. گومانیش لەوەدا نییە کە هیچ لێکدانەوەیەکی سیاسی_کۆمەڵایەتی وەهایش نییە کە پێمان بسەلمێنێت کە کەسێکی عاقڵ هەروا بە ئاسانی دەست بەرداری دەستکەوتەکانی خۆی دەبێت.

لە عێراقی ئەمڕۆدا کە لەبوغارێکی سەرهەڵدراوەی حاڵەتی کولاْنو قوڵپ لێدان دەچێت، گروپە نەتەوەییو مەزهەبییەکان وەك درێژکراوەی گرفتێکی کۆنو چارەسەر نەکراو جارێکی تر کەوتونەتەوە کۆڕی ململانێیەکی گەرمو هەندێك جاریش خوێناویانە. ئا لەم دۆخەیشدا جارێکی تر خێڵ لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی عێراقدا وەك ستراکچەرێکی کۆمەڵایەتی هێز وەردەگرێتەوە. هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئایندەی عێراق دەکرێت بەهەموو رێگاکاندا بڕوات جیا لەرێگای دیموکراسیو پێکەوەژیانێکی وەها کە شایانی ئەوە بێت پێی بوترێت کە پەیوەندییەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە ئارەزوومەندانە داڕێژراوە، یەکەمین شتیش کە دەکرێتە قوربانی ئەو دیموکراسیەیە کە وەك پڕوپاگەندەی داگیرکردنی عێراق بەکاردەهات، تەنانەت ئەگەر ئەو دیموکراسییەش لەو جۆرە بێت کە دامەزراوەی "ستراتفۆر" لەراپۆرتێکیدا بە "دیموکراسی ئیسلامی" ناوی لێبردووە. بەگوێرەی راپۆرتی ناوبراو ئەم جۆرە دیموکراسییە بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان گونجاوترە.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ نادیاری چارەنووسی عێراق دەکەن، چونکە وەك "ناسر وەلی" دەڵێت عێراق بووەتە مۆدێلێکی وەها خراپ کەدەبێت خۆتی لێبەدوور بگری. خۆ ئەگەر ئەم دۆخەی ئەمڕۆ لە عێراق دایە هەر بەو شێوەو ریتمە درێژە بکێشێت، دوور نییە یەکەمین سیناریۆ لە سێ سیناریۆکەی "CGA" بۆ عێراقی دوای 2010 جێبەجێ بکرێت کە ئاماژە بۆ بوونی "دیکتاتۆرێکی یەکگرتووی نەتەوەیی" دەکات، دیکتاتۆرێك عێراقیانە بیربکاتەوەو دەستور بخاتە لاوەو ئارامیو یەکپارچەیی بە عێراق ببەخشێتەوە. لەدۆخێکی گریمانەی وەهایشدا ئەو پرسیارە قوت دەبێتەوە کە دەوڵەت چ هەڵوێستێك سەبارەت بە خێڵەکان دەگرێتە بەر؟!.